جەماوەر


# ئایا شێوە لە ناوەڕۆک گرنگترە؟

## بەشی پێنجەم و دوا بەش



حەمەسەعید حەسەن

### تەکنیکی چیرۆک

سەلاح شوان دەڵێت: (کورتە چیرۆک توانای ئەوەی نییە لە بیری خوێنەردا بژی).

کورتە چیرۆکی سەرکەوتوو، وەک شیعرو ڕۆمانی سەرکەوتوو، لە یادی خوێنەردا دەژی. ئەوەی کورتە چیرۆکەکانی چیخۆف، موپاسان و جاک لەندەنی خوێندبێتەوە، ئەم ڕاستییەی بۆ دەرکەوتووە، ئەوەی (چاڵی جەرگی پیرێژین)ی حسێن عارف و (شای قەرەجەکان)ی موحەرەم موحەمەدئەمین و (خازێ)ی بلەی خوێندبێتەوە، هەستی کردووە، کورتە چیرۆکی چاک قابیلی لەبیرچوونەوە نییە.

حسێن عارف سەبارەت بە(کوێرەوەری)ی بلە، گوتوویەتی: (تەنها چەمکێکە لە مێژوو، مەگەر بایەخی چیرۆکەکە لەمەدا بێت، دەنا ئەو واقیعە ئێستا نموومەی نەماوە) سەلاح شوانیش بێ دوودڵی هەمان ئەو بۆچوونەی دووبارە کردووەتەوە ئەگەر چی حسێن عارف باشی بۆ نەچووە، چونکە تەنیا هەر چیرۆکی کوێرەوەری نا، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، کە ڕاستگۆیی تێیدا ڕەچاو کرابێت. ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی، ئەگەر ئەو ڕایە ڕاست با، دەبوو ئێستا کەس ئاوڕی لە ئەدەبی شکسپیر، ئیبسن، ئوستن، دیکنز و دەستۆیفسکی نەدابا و تەنیا وەک مێژوو سەیری بەرهەمی ئەو ئەدیبانە کرابا، ئەگەر چی خۆری ئەو واقیعەی ئەو ئەدیبانە تەعبیریان لێ کردووە. لەمێژە ئاوا بووە، وەلێ بەرهەمیان لە مۆزەخانەی مێژوویدا تۆزی لێ نەنیشتووە، بەڵکوبەردەوام بە دەیان زەمان چاپ دەکرێنەوە.

سەلاح شوان ئەو بۆچوونەی محێدین زەنگەنەشی دووبارە کردووەتەوە، کە گوتوویەتی(چیرۆکی«خازێ»ی بلە نموونەیەکی دواکەوتووی نووسینە)، ئەو چیرۆکە لەکن وان، بۆیە لاوازە چونکە تەکنیکی نوێی چیرۆکنووسینی تێدا بەکار نەهێنراوە! دەستۆیفسکی بە کۆنترین تەکنیک نووسیویتی وتەنانەت هەندێک جار، بەشێکی تازەی ڕۆمان بە ڕستەی «لە بەشی پێشوودا گوتمان» دەست پێدەکات، کەچی ئێستاش بە دەگمەن نووسەری هاوچەرخ هەیە، هێندەی وی خوێنەری هەبێت، شۆلۆخۆف، (چارەنووسی ئادەمیزادێک)ی بە هەمان کۆنە تەکنیکی خازێ، کە گێڕانەوەیە، نووسیوە و ئەمەش هیچی لە بایەخی ئەو بەرهەمە کەم نەکردووەتەوە. جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم نوێترین تەکنیک، جوانترین شێواز و ڕەوانترین زمان، ئەگەر لە ڕاژەی مەبەستێکی چاکدا نەبن، بایەخێکی ئەوتۆیان نابێت، شێوە جوان نابێت، ئەگەر ناوەڕۆک جوان نەبێت، چونکە شێوە زادەی ناوەڕۆکە.

سەلاح شوان دەڵێت: (حەمە سەعید حەسەن بەچێژ و بۆچوونیش لەگەڵ ئەو هەنگاوە پێشکەوتووانەی ئەمڕۆی هونەری چیرۆکنووسیندا نییە).

من لە نووسینەکەمدا نەمگوتووە چیرۆکی کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدیوە، گوتوومە. ئەو شاعیرانەی لە نێوان(١٩٧٠-١٩٨٠) چیرۆکیان نووسیوە، کەسیان بەرهەمێکی وایان پێشکەش نەکردووە لە ئاستی (شای قەرەجەکان)ی موحەڕەم موحەمەد ئەمیندا بێت. چیرۆکنووسانی پێش ساڵانی حەفتا، لەوانی دوای خۆیان پێشکەوتوتر بوون، چونکە ئەدەبی ئەوان ڕەنگدانەوەی واقیعی سەردەمەکەیان بووەو هی ئەمان، (زۆربەیان نەک هەموویان) ڕەنگدانەوەی کێشەکانی ناخی خۆیانە، لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، چیرۆکنووسانی چاک دەرکەوتوون، بەڵام کامیان لە بلە، مەم، حەسەنی قزڵجی یان حسێن عارفیان تێپەڕاندووە؟ ئەوەتا سەلاح شوان خۆیشی دەڵێت: (کەموکوڕییەکانی چیرۆکی ئەم سەردەمە، گەلێک لە هی چیرۆکی کۆن، زۆرترن)«٧١».

بەلای سەلاح شوانەوە تەکنیک لە ناوەڕۆک گرنگترە و خۆی بە پسپۆڕی بواری تەکنیکی چیرۆکیش دەزانێت.

کەچی لەو سەرنجانەیدا کە لەو بوارەدا دەری بڕیوون، بە هەڵەدا چووە. کە من گوتوومە (کڵاوقووچ)ی شێرکۆ بێکەس لەسەر شێوەی ڕیپۆرتاژ نووسراوە، ئەو دەڵێت: (نەخێر، بەدوو مۆنتاژی گەورەی زەمانی نووسراوە). مۆنتاژی زەمانی، مۆنۆلۆژە و زەمان تێیدا پاش و پێش دەخرێت. سەلاح شوان دەبوو زانیبای مەنەلۆژ کە زۆر درێژ کرایەوە، چیرۆکنووس بخوازێت یان نا، دەبێیەوە بە گێڕانەوە، درێژکردنەوەیە بۆ دیالۆگیش هەرهەمان ئەنجامی دەبێت و لە دوا جاردا لە ئەنجامی کەڵەکەکردنی کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی شتێکی دیاریکراو، دەبێتە ڕیپۆرتاژ، وێڕای ئەمە، بابەتی چیرۆکی کڵاو قووچ، بابەتێکی سواوە، «ئافرەتێک بۆ ئەوەی شووبکات، هانا بۆ نوشتە دەبات» بۆیە تازەترین تەکنیکیش، ئەو بابەتە کۆنە، ناکاتە ئەدەبی ئەم سەردەمە.

سەلاح شوان دەڵێت: (فۆتۆگرافی مانای ئەوەیە، پاڵەوانەکان نەجوولێن وناخیان دەرنەکەوێت). نووسەری شۆڕشگێڕ، واقیع لە گۆڕاندا دەبینێت، ئەو نووسەرەشی وێنەی واقیع وەک هەیە، بکێشێت، ئەوە نووسەرێکە فۆتۆگرافیانە وێنەی واقیع دەگرێت و ئەدەبەکەی دەکەوێتە خانەی واقیعیی فۆتۆگرافییەوە. ئەم دەربڕینە وەک مەجاز بەکار دەهێنرێت و پێوەندیی بەکامیراوە نییە، کەچی سەلاح شوان هاتووە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکەیدا، بە درێژی باسی ئەوەی بۆ کردووین کە کامێرا چۆن وێنە دەگرێت!

سەلاح شوان دەڵێت: (چیرۆکەکەی من بە مەنەلۆژی ڕاستەوخۆ دەست پێ دەکات و حەمە سەعید حەسەن پێی وایە ناڕاستەوخۆیە).

جیاوازیی نێوان مەنەلۆژی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەوەیە، لە ڕاستەوخۆدا قارەمان وەک وڕێنە بکات، گوێ بە ڕێساکانی ئاخاوتن نادات، وەلێ ناڕاستەوخۆدا هەست بە بوونی خوێنەر دەکات، ڕستەکانی دروستن و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بە دوای یەکدیدا دێن. سەلاح شوان دەرکی بەم جیاوازییە نەکردووە، بۆیە دەڵێت: (لە سەرەتادا نووسەر پاڵەوانە و دواتر خوێنەر دەبێت بە پاڵەوان!)، د. سەلاح فەزڵ پێی وایە: (باشترین باسی دەروون شیکاری ناتوانێت پێمان بڵێت، جیاوازی نێوان ئەدەبی شەپۆلی هۆش و نووسین ونیگاری شێتەکان چییە؟)«٧٢».

سەلاح شوان دەڵێت: (حەمە سەعید حەسەن وازی لە کرۆکی چیرۆکەکە هێناوە و هاتووەتە سەر شتی لاوەکی، وەک پاڵەوانی سەلبی وئیجابی).

پێی نەگوتووین، کرۆکی چیرۆک، کە لای من ناوەڕۆکەکەیەتی وفیکرێک بەرجەستە دەکات، لای ئەو چییە؟ قارەمان هۆکارێکە بۆ گەیاندنی فیکرو بێ قارەمان نە ڕووداو دروست دەبێت ونەچیرۆک د.محەمەد یوسف نەجم لە کتێبی «هونەری چیرۆک»ەکەیدا، یەکێک لە جۆرەکانی چیرۆک بە چیرۆکی قارەمان، نێو دەبات، ئەگەر پاڵەوان لە چیرۆکدا شتێکی لاوەکییە، بۆچی هێشتا کەس چیرۆکێکی بێ قارەمانی نەنووسیوە!.

سەلاح شوان دەڵێت: (ولیەم فۆکنەر ڕۆمانی «لەوکاتەدا» کە بە گیانەڵڵایی ڕادەکێشم ی بە شێوەی موناجات نووسیوە، هەروەها ڤەرجینا وڵف ڕۆمانی«شەپۆلەکان»ی بە هەمان شێوە نووسیوە).

چونکە سەرچاوەی ئەو زانیارییەی دەستنیشان نەکردووە. خوێنەروا هەست دەکات، دوای ئەوەی ئەو دوو ڕۆمانەی خوێندووتەوە، ئەوسا بە لێکدانەوەی خۆی گەیشتۆتە ئەو سەرئەنجامەی کە ئەو دوو ڕۆمانە بە شێوەی موناجاتی نەفس نووسراون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە قسەی ڕۆبێرت هەمفرییە وسەلاح شوان ئەو دوو ڕۆمانەی نەبینیوە، ئەمەش دەقی بۆچوونەکەی هەمفرییە: (لە گەلێک ڕۆماندا شێوەی موناجاتی نەفس بۆ وێناکردنی شەپۆلی هۆش بەکار هێنراوە، یەکێکیان «لەوکاتەدا کە بە گیانەڵڵایی ڕادەکێشم»ی ولیەم فوکنەرە ویەکێکی دیکەیان«شەپۆلەکان»ی ڤەرجینا وڵفە).«٧٣»

سەلاح شوان دەڵێت: (شاکارە هەرە مەزنەکانی ئەم دنیایە وەک گشت بەرهەمەکانی هەمەنگوای، پۆلیسیسی جۆیس، گەڕان لە کاتە ون بووەکەی پرۆست، سەراپای دەستۆیڤسکی، تۆلستۆی و شەکسپیر، ژیانی ئەوێک کە کورتە چیرۆکێکی کوردی بێزاری کردبێت، چۆن حەوسەڵەی ئەوەی هەبووە، ئەو هەموو بەرهەمە بخوێنێتەوە! ئاخر تەنیا پۆلیسیسی جۆیس، کەس ناتوانێت تێی بگات، ئەگەر(ڕێبەری خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە جۆیس)ی نەخوێندبێتەوە، بە مەرجێک هێشتا ئەو ڕێبەرە نەکراوە بە عەرەبی«٧٤». هەرچەندە من نەمگوتووە. نووسەر نابێت، قارەمانی چیرۆکی خۆی بێت، بەڵام وەک سەلاح شوان لە هەمفری وەرگرتووە وپەنجەی بۆ سەرچاوەکەی درێژ نەکردووە، مارسیل پرۆست، خۆی قارەمانی (گەڕان لە کاتە ونبووەکەدا) نییە، ئەوی وای لە هەمفری کردووە، وای بۆ بچێت، ئەوەیە چیرۆکبێژ لەو نارۆمانەدا ناوی مارسیلە«٧٥»، وێڕای ئەمە، ئەو بەرهەمە سێ هەزار لاپەڕەیە، بۆیە گومان دەکەم لەوەی سەلاح شوان خوێندبێتییەوە، بۆیە نەدەبوو لە خۆڕا، لافی ئەوە لێبدات کە شارەزای سەرجەمی بەرهەمی هەموو ئەو ئەدیبانەیە، چونکە (تەنانەت کاریکاتیریستێک بۆ ئەوەی شتێک بڵێت، ئەوەندە بەس نییە، کە بەسەر قەڵەمەکەیدا زاڵە، بەڵکو دەبێت چەندشارەزای گیرفانی خۆیەتی، هێندەش شارەزای ئەو جیهانە بێت، کە دەیەوێت چارشێو لەسەر ڕووی لابدات)«٧٦».

پرۆست لە سەرەتای نووسینیدا دەبێت و ڕەخنەگرێکیش بە توندی لەسەر بەرهەمێکی دەنووسێت، ئیدی ئەوەندە تووڕە دەبێت، داوای بەرانبەرێن لە ڕەخنەگرەکە دەکات«٧٧» سەلاح شوانیش کە دێتە سەرداکۆکیکردن لە چیرۆکەکەی خۆی، تەواو پەست دەبێت و دەڵێت: (حەمە سەعید حەسەن لێم تێنەگەیشتووە).

هەموو شاکارەکان هێندە بەڕەوانی و ئاسان نووسراون،خوێنەر لێیان تێدەگات، کێ هەیە لە بەلزاگ، دیکنز، گۆگۆڵ، تۆڵستۆی، گۆرگی، چیخۆڤ، شۆلۆخۆڤ، ئەمادۆ، هەمەنگوای، جاک لەندەن، جۆن شتاینباک، نەجیب مەحفوز، حەننا مینە و عەبدولڕەحمان مونیف تێنەگات؟ ئەوانە بە ئاسانترین شێوە باسی ئاڵۆزترین کێشە دەکەن. (چاکترین تەکنیک لە ڕەوانیی دەربڕیندا دەردەکەوێت، ڕەوانیی لە دەربڕیندا، مەرجێکی سەرەکیی بەهرەی بەرزە، نووسەری مەزن هێندە بە ڕەوانیی دەنووسێت، کاتێک بەرهەمەکانی دەخوێنینەوە، وا تێدەگەین ئێمەش دەتوانین وەها بنووسین، بەڵام پەنابردنە بەرشێوازی ئاڵۆز،ڕەنگدانەوەی نەفامییەو شیاوی نەفرەتە)«٧٨». ئەرستۆ دەڵێت: (وەک زانا بیر بکەوە، وەلێ بیروڕاکانت وەک عەوام دەربڕە!) کە من لە سەلاح شوان تێنەگەیشتووم، ئەوە هەڵەی من نییە، هی ئەوە کە نەیتوانیوە بە شێوەیەک بنووسێت، لێی حاڵی ببم. بۆ ئەوانەی توانای دەربڕین بە هانایانەوە نایەت و خوێنەر خراپ لێیان حاڵی دەبێت، وا باشترە نەنووسن. من چاک لەو تێگەیشتووم و دەزانم شوێنپێی «بێکیت»ی هەڵگرتووە کە دەیگوت: (ئێمەی مرۆڤ کۆمەڵێک بڵقین لەسەر ڕووی زەلکاوێکی بۆگەن، یەک لەدوای یەک دەتەقین ودەنگێکمان لێ پەیدا دەبێت کە پێی دەڵێین، بوون)«٧٩».

**پەراوێزەکان:**

«٧١»حوار حول القصه الكرديه، جريده العراق ١٩٨١/١١/٢ بغداد

«٧٢»د.صلاح فضل منهج الواقعيه فى الابداع الادبى، ص٢٥٧

«٧٣»روبرت همفرى، التيار الوعى فى الروايه الحديثه، ص٨٥

«٧٤» الاقلام، عدد١١ ص ١٦ بغداد ١٩٨٠

«٧٥»هاوارد موس، بروست، ت:نجيب المانع،ص٢٠

«٧٦»تروتسكى، الادب والثوره، ص١٠٩

«٧٧»د.بديع حقى، قمم فى الادب العالمى، ص٧٥

«٧٨»د. حياه شراره، بلينسكى، ص٧٥

«٧٩»د.صلاح فضل، منهج الواقعيه فى الابداع الادب.ص٢١٩

# لە کوردستانی سورەوە تا ئەمڕۆ

**کەکشار- ئۆکرانیا**

لە سەردەمی نوێ هەستی نەتەوایەتی بەهێزترین بزوێنەرە بۆ بەرەو پێش بردنی بەرنامە سیاسییەکانی وڵات. ئەم هەستە لە هەموو بوارێکی ڕۆژانەی تاکی کۆمەڵ خۆ دەنوێنێ، بگرە زۆر جار لە پێشکەوتووترین وڵاتان زۆر بەزەقی پێشان دەدرێت، یاسا پشتگوێ دەخرێت، لە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ چاوپۆشی دەکرێت کاتێک ژیانی تاک دەکەوێتە مەترسی. کۆمەڵگای شارستانی سەرەڕای هەموو دەسکەوتەکانیان و هاواری دیموکراسی کاتێک هاووڵاتییێکیان دەکەوێتە مەترسی، مافی ئەوە بەخۆ دەدەن کە ناشارستانیەتیترین شێوەو ڕێگا هەڵبژێرن بۆ پارستنی هاووڵاتی. نموونەی واش لە عێراقی پاش سەدام زۆرن، بەتایبەتی ئەوەی کە چەندین وڵات لەبەر بەرژەوەندی تاکی کۆمەڵ هێزەکانیان لە عێراق کێشایەوە. بۆ وێنە فلیپین بۆ گیانی یەک هاووڵاتی لە عێراق دەچێتە دەر. زەقترین وێنە دەکرێ وڵاتی تورکیا بێت کە چۆن بۆ مافی تورکزمانان هاوکات لە چەندین وڵاتی وەک قوبرس، بولگارستان، ئۆکرانیا و کوردستانی خۆشمان خەبات دەکا، کەچی لەو سەردەمەی کە کورد بۆتە خەمخۆری کەمینە و زۆرینەی عێراق، خەبات دەکات کە برا عەرەبەکان پێک بێن... لەسەر داوای کورد ناوی ئەرمەنییەکان دەکەوێتە ناو یاسای بنگەهی،هەر لەم کاتەدا لە وڵاتی ئەرمەنستان ئەو مەڵبەندەی بەدەیان ڕۆشنبیرو نووسەری کوردی لە بوارە جیاجیاکان پێکهێناوە، لە زێدی عەرەبێ شەمۆ، قەناتێ کوردو، جەلیلێ جەلیل... لە شوێنی دەنگی کوردی ئێریڤان، لەو شوێنەی ڕۆژنامەی پیرۆزی (ریاتەزە) دەردەچێت، لەو کۆمارەی کاتی خۆی بارزانی نەمر سەردانی کردبوو، کە خۆی گەورەترین پێناسە و شایەتە بۆ هەبوونی کورد لەوێ، لەو شوێنەی هەبوونی نەتەوەی کورد دەکەوێتە مەترسی و بگرە حاشای لێ دەکرێ. ئاشکرایە کە زۆربەی کوردەکانی ئەرمەنستان لەسەر ئایینی ئێزیدینە. دیارە لەم سەردەمە جارێکی تر لەم بەشەی کوردستان کوردبوونی یەزیدییەکان لەلایەن دەوڵەتی ئەرمەنستانەوە دەکەوێتە ژێر پرس، کە ئەمەش سیاسەتی ڕژێمی رووخاوی بەغدامان سەبارەت بە ئێزیدییەکان بیر دەخاتەوە. ئەگەر جاران ئێزیدییەکان وەک نەتەوەیەکی تر سەیردەکران، ئێستا زمانەکەشیان لە ئەرمەنستان پێشان دەدات کە ١٥٠٠ کورد لەوێ دەژین، لە هەمان کات زیاتر لە ٤٠ هەزار ئێزیدی لە ئەرمەنستان دەژین.

حکومەتی ئەرمەنستان یاسای زمانی کەمینەکانی پەسەند کرد، کە تێیدا نووسراوە زمانی ئێزیدی و هەروەها زمانی کوردیش هەیە. ئەم بۆچوونانە لە هیچ یەک لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو نییە. لە گورجیستان ئێزیدییەکان بە کورد لە قەڵەم دەدەن، دژایەتی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەرمەنی بۆ ئەم یاسایە بەهەند وەرنەگیرا. سەیر ئەوەیە کە ئێستا هاتنەدی بەرنامەیەکی حکومی لە ئارادایە بۆ چاپکردنی پەرتووکی دەرسی بە زەمانی کەمینەکان. ئێمە دەزانین کە لە سەردەمی کۆنە سۆڤیەتەوە قوتابخانە بە زمانی کوردی هەبووە، بەڵام ئیتر دەبێ بەپێی یاسای نوێ چاوەڕوانی پەرتووکی قوتابخانە بە زمانی ئێزیدی بین. سەرەڕای چەندین دیدار لەگەڵ ڕووناکبیرانی کورد. حکومەت ڕازی نییە پەرتووکەکان لەژێر ناوی زمانی کوردی چاپ بدات. دەبێ ئەمەش بڵێین کە ئەم هەنگاوەی ئەرمەنستان بە هاوکاری کۆمەڵە کوردێکی خۆفرۆش پیادە دەکرێت. ئەگەر سەیری سەدساڵەی ڕابردووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بکەین، دەبینین لەوێ لە کوردستانی باشوور دۆزی کورد لە مافی کلتووری گەیشتۆتە ئاستی فیدراڵی، کەچی لێرە لە ئەرمەنستان لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی سوور، گەیشتۆتە ئینکار کردنی هەبوونی کورد. لەژێر سایەی زلهێزی سۆڤیەت، کە سیستەمێکی تۆتالیتاری بەرپاکردبوو، کورد خاوەن مافێکی زۆر زیاتر بوو لەوەی ئێستا لە ئەرمەنستانی دیموکرات هەیەتی، لەوێ کورد بۆتە قوربانی نێوان تورک و فارس و عەرەب، لێرە لە لاچین و قوبادلی و ... کوردان شەڕی ئەرمەن و ئازەرییە. لەوێ کورد ڕا دەکا بۆ هەندەران، لێرەش کورد، بەتایبەتی ڕووناکبیران ڕوویان کردۆتە بەهەشتی ڕۆژئاوا، لەوێ بەکرێگیراو هەیە لەژێر ناوی (جاش) کە خزمەت بە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندی دەکات، سەیرە بەس لێرەش هەر ئەم وشەیە بەکار دێنن بۆ خزمەتکاری دەوڵەت دژ بە کورد... بەپێچەوانەش لەوێ پرسی کورد بەرەو لوتکە دەچێت، لێرە لە دابەزین دایە!.

بەڕاستی ئەرکی ئێمە چییە؟ ئایا لە ئاستی جەماوەر، یان حکومەت پێویست نییە پشتگیری لە کوردەکانی ئەرمەنستان بکرێت. هیچ نەبێت وەک چۆن کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لە چیچانییەکان کرد خۆ هیچ نەبێ کوردەکانی ئەرمەنستانیش وەکو چیچانییەکان خەڵکی قەوقازن.

# مرۆڤی ئازا هەمیشە عاشقە

**کوردستان عزەدین- دەربەندیخان**

عەشق، دان بەخودا گرتنە، میهرەبانییەو لە ئاگری ئیرەیدا ناسوتێ، ئەم عشیقە ڕەفتاری ناپەسەندی نییە، تووڕە نابێت، بەدرۆ خۆشحاڵ نابێت، بەڵام ڕاستیەکان هەمیشە شادومانی دەکات،...تد ئەم چەند دێرەی سەرەوە هەڵبژاردەی (جوانترین بەهرە)ن کە ناونیشانی کتێبێکی بیرمەندی مەزنی بەرازیلی (پائولوکو ئیلۆ)یە کە دەرباری عیشق دەنووسێت. بەڵام من نازانم بۆ هەمیشە عیشق لای ئێمە وەک ئەو دێڕانەی سەرەوە نین ئەگەر لەهەر کەسێک بپرسین تۆ عاشقی دەڵێ هەرگیز بەتایبەتی کچان و ژنان لە کاتێکدا کوڕێک یان پیاوێک بەدەگمەن نەبێت دان دەنێن بەو عایشق بوونەی دیارە ئەم جۆرە درۆکردنە لەناو ژنان و کچاندا ڕەهەندی مێژووی هەیەو کەشە کۆمەڵایەتیەکە هەمیشە یارمەتی دەری سەپاندنی ئەم درۆکردنەیە بوو بەرامبەر بە عشیق لەکاتێکدا عیشق خۆی هەمیشە لە شەڕ دایە بەرامبەر درۆ و گرنگی هەڵوێستە ڕۆحیەکانی مرۆڤ..ئەگەر من عاشق بم بۆ دەبێ بیشارمەوە؟ بۆ کچان و ژنانی ئێمە بەشانازییەوە باسی عاشق بوونی کوردستان و شەهیدبوون دەکەن، بەڵام هەرگیز ئامادەنین دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە عاشق ڕەگەزی بەرامبەریانن.. دیارە کۆمەڵ و کولتور هاندەرە بەڵام ترسنۆکی و هەزیلی خۆشمان گەورەتر ئەم بڤانە حەرامتر دەکاتەوە. من داوا لە- کەس ناکەم کە عاشقی بێت چونکە هەندێ جار ژنە بێ دەسەڵاتەکانمان عاشقی ئاگر دەبن و عەشق و جوانییەکانیان دەکوژن، بەڵام دەڵێم ئەگەر تۆ عاشقیت ڕاستگۆیانەو سەرسەختانە بەرگری لەو عشیقەی خۆت بکە چونکە عیشق کوڕە گەورەی پاکێییەو کچە پاکەکەی ئازایەتییە.